# کاریگەری یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 و 1970 لەسەر هەولێر "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە"

**ID No. 2748**

(PP 188 - 201)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.5.10

**خەلیل عەلی موراد**		**بورهان حاتەم عوسمان**

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Khalil.murad@su.edu.krd		Burhan.othman@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2019/04/12**

**پەسندکردن : 2019/08/22**

**بڵاوکردنەوە : 2019/10/23**

**پوختە**

شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی, یەکێك لە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان کە ئەم شۆڕشە هێنایەکایەوە دەستبەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بوو ئەمەش لەمیانەی دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958, کە ئەم یاسایە بەردەوام بوو تا یاسایەکی دیکە دەرکرا, ئەویش یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970بوو, هەردوو یاساکە ئامانجیان ئەوەبوو سنوورێك بۆ موڵکدارێتی گەورەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە عێراقدا دابنرێت و بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر جێبەجێکردنی هەردوو یاساکە و کاریگەرییان لەسەر پارێزگا (لیوا) ی هەولێر, بابەتەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە, لە تەوەرەی یەکەمدا جێبەجێکردن و کاریگەری یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 لە پارێزگای هەولێردا خراوەتەڕوو, لەم تەوەرەیەدا ماددە سەرەکییەکانی یاسای ساڵی 1958 باسی لێوەکراوە, پاشان ئاماژە کراوە بە موڵکدارێتی زەوی لە پارێزگاکەدا و ڕووبەری ئەو زەویيانەی کە هی موڵکدارەکان بووە و دەستی بەسەرداگیراوە و دواتر بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە. هەر لە تەوەرەکەدا کاریگەرییەکانی دابەشکردنی زەوی لەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ڕوونکراوەتەوە. لە کۆتایی تەوەرەکەشدا کاریگەرییەکانی شۆڕشی کورد لە ئەیلولی 1961 لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 لە ناوچەکەدا خراوەتەڕوو.

هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەبارەی جێبەجێکردن و کاریگەرییەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970 لە پارێزگای هەولێر, ئەمەش لەسەر بنەمای هەمان بابەتەکانی تەوەرەی یەکەم, لەگەڵ ئاماژەدان بە هەندێك جیاوازی لەنێوان هەردوو یاساکەدا, هەروەها ڕووبەری ئەو زەویيانەی کە بەسەر جووتیاراندا دابەشکراون و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە پارێزگای هەولێردا سوودمەند بوون. لە تەوەرەکەدا ئاماژە بە هەندێك کەموکورتی لە یاسای ساڵی 1970 دا کراوە, بەتایبەتی لە هەندێك لە ماددەکانی نێویدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەچاوی بارودۆخی کوردستان نەکراوە, لەنێویشیاندا هەولێر.

**کلیلە وشە:** یاسا، کشتوکاڵ، چاکسازی، هەولێر، ئابووری، زەوی.

## 1. پێشەکی

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 بە سەرکردایەتی (عەبدولکەریم قاسم) و کۆتایی پێهاتنی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق, سەردەمێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا دەستیپێکرد, ئەویش سەردەمی کۆماری بوو, کە لە ڕووی سیستەمی سیاسی و ئابوورییەوە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕژێمی پاشایەتی جیاواز بوو, ئەم جیاوازییەش لە دەرکردنی ئەو یاسایانە ڕەنگیان دایەوە کە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئابووری بەتایبەتی کشتوکاڵ هەبوو, دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ساڵی 1958 دا سەرەتایەکی گرنگ بوو لە لاوازکردنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و گۆڕینی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دەرەبەگ و جووتیار لە عێراقدا. دوابەدوای کۆتایی هاتنی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵاتگرتنە دەستی حزبی بەعس جێبەجێکردنی یاساکە بەردەوامی هەبوو, بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ دەسەڵاتدارانی سیاسی عێراق و پسپۆڕانی ئابووری گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستە گۆڕانکاری لە ماددە و بڕگەکانی یاساکەدا بکرێت و لەگەڵ قۆناغی نوێدا بگونجێت, بەتایبەتیش کە هەندێك کەلێن و کەموکورتی زەق بە یاساکەوە دیاربوو, بۆیە لە ساڵی 1970 یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی لە عێراق دەرکرا و لە چەندین ڕووەوە لە یاساکەی پێشوو جیاواز بوو, بەتایبەتیش لە مەسەلەی دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری موڵکدارێتی. بێگومان

جێبەجێکردنی ئەم دوو یاسایە سەرتاسەری عێراقی گرتووەتەوە, بۆیە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە نێویشیاندا هەولێر بەشێك بووە لەو پانتا جوگرافییەی کە ماددە و بڕگەکانی لەسەر جێبەجێکراوە, ئەمەش وایکردووە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بارودۆخی موڵکداریێتی زەوی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ لە هەولێردا دروست بکات.

بایەخی بابەتەکە لەوەدایە کە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی ئابووری هەولێر کە لە توێژینەوەکاندا زێتر تیشك خراوەتە سەر مێژووی سیاسی و ڕووداوە سیاسییەکان و کەمتر بایەخ بەلایەنی ئابووری دراوە. هەروەها یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر موڵکداریێتی زەوی و کشتوکاڵ هەبووە, لەبەرئەوەش ناوچەکە زێتر بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی ناسراوە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان کۆڵەگەی سەرەکی ئابووریيان پێکهێناوە, بۆیە ئەم یاسایانە بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئابووری خەڵك هەبووە. یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ئەنجامدانی توێژینەوەکە کەمی داتا و زانیاری پێویست بوو دەربارەی وردەکاری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی و ڕووبەڕی زەوی موڵکدارەکانی هەولێر, بەتایبەتیش ئەمەی دواییان لەبەرئەوەی زێتر مافێکی کەسییە, بۆیە لە سەرچاوەکاندا داتای پێویست بەدەستەوە نادرێت و موڵکدارەکان خۆشیان ئارەزوویان لەوە نەبووە سنووری موڵکداریێتی خۆیان ئاشکرا بکەن, هەروەها کەسوکاریشیان ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون ئەو جۆرە زانیارییانە بە توێژەران نادەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە, لە تەوەرەی یەکەمدا یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (30) ی ساڵی 1958 خراوەتە بەرباس, تیایدا بڕگە و ماددەکانی یاساکە و باری موڵکداری لە لیوای هەولێر لێی کۆڵدراوەتەوە, دواتر باس لە دەستگرتن بەسەر زەویوزاری موڵکدارەکان و دابەشکردنی بەسەر جووتیاران کراوە, هەروەها کاریگەرییەکانی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە ڕوونکراوەتەوە. تەوەرەی دووەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتکراوە بە قسەکردن لەبارەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117) ی ساڵی 1970, کاریگەرییەکانی یاساکە لەسەر باری موڵکداریێتی هەولێر ڕوونکراوەتەوە و پاشان باس لە دەستبەسەرداگرتنی زەوی موڵکدارەکان و دابەشکردنی بەسەر جووتیاراندا کراوە.

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەستراوە, لەپێش هەمووشیانەوە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان دێن, کە لە خانەی کتێب و بەڵگەنامە عێراقییەکان (دار الكتب والوثائق العراقية) و ئەرشیفی پارێزگای هەولێر وەرگیراون و زانیاری بەنرخیان دەربارەی باری موڵکداری و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە هەولێر تێدایە. بڵاوکراوە حکومییەکان بایەخێکی زۆریان بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە, بەتایبەتی کتێبی (قوانين الاصلاح الزراعي) کە لەلایەن دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵی (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي) ەوە نووسراوە و وردەکاری یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی تێیدا باسکراوە, هەروەها زانیارییە بڵاونەکراوەکانی (هۆبەی زەویوزار) ی سەر بە (وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری) ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ناوی ئەو موڵکدارانەی  کە ملکەچ بوونە بۆ یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958-1975 بەشێکی دیکەی سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە.

کتێبەکان سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەن, لە گرنگترینیشیان کتێبی (اقتصاديات الاصلاح الزراعي) ی (د. عبدالوهاب مطر الداهري) و کتێبی (دراسات في الاصلاح والتعاون الزراعي الانتاجي) ی (د. كاظم حبيب), کە هەردوو نووسەر دوو ئابووریناسی عێراقین و بە وردی خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە عێراقدا کردووە. هەروەها لەمیانەی ئەو یاداشت و و بیرەوەرییانەی کە تۆمارکراون و ئەو دیدارانەی کە لەگەڵ کەسانی هاوچەرخی سەردەمەکە سازدراون زانیاری گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەکە هەڵێنجراون, بەتایبەتی (بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری). سەرچاوەیەکی دیکەی بایەخداری نێو توێژینەوەکە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن کە هاوچەرخی سەردەمەکە بوون, لەوانەش ڕۆژنامەی حکومی (الوقائع العراقية) کە دەقی یاسا دەرچووەکانی لە عێراقدا تێدابڵاوکراوەتەوە, هەروەها ڕۆژنامەی (خەبات) ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو گۆڤاری (الاصلاح الزراعي) و (الكادر), کە تێیاندا بایەخ بە بابەتەکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی دراوە.

**2. یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (30) ی ساڵی 1958:**

یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 لە عێراقدا دەرکردنی یاسای ژمارە (30) لە (30) ی ئەیلولی ساڵی 1958 بوو بەناوی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (الوقائع العراقية, ع (44), 9/30/ 1958؛ الجواهري, 1982, ص323), ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی پێشخستنێکی سەرتاپاگیری بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرکرا, ئامانجە ئابوورییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و گۆڕینی بنچینەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوو, بەجۆرێك پەرە بە هێزەکانی بەرهەمهێنان بدات و هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەش لابدات کە ڕێگرن لەبەردەمیدا (الداهري, 1970, ص223), هەروەها لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە ئامانجی ڕزگارکردنی جووتیاران بوو لە پاشکۆیەتی موڵکدارەکان و سەرۆك

هۆزەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و ڕەوشی تەندروستی و ڕۆشنبیریيان بوو, ئامانجە سیاسییەکانیشی هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو بەشێوەیەك دەسەڵاتی سیاسییان لەناو ببات و ڕێگە نەدات بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان سیاسەتی دەوڵەت ئاراستە بکەن (وادي العطية, 1965, ص70-71). بە واتای ئەوەی یاساکە ناوەڕۆکێکی فرە ڕەهەند و فرە ئامانجی هەبووە, بەمەبەستی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیدا.

یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە (51) ماددە پێکهاتووە, لەدوای دەرچوونییەوە ماددەکانی نێوی چەندین جار هەموارکردنەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە و ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەیان لە ماوە جیاجیاکاندا دەرچووە (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص29 وما بعدها). ماددەی (1) ی یاساکە ئەوپەڕی ڕادەی سنووری موڵکداریتی زەوی کشتوکاڵی بۆ هەر تاکەکەسێك دیاریکرد, کە لە زەوی بەراودا (1000) دۆنم و لە زەوی دێمەکاردا (2000) دۆنم بوو, بەڵام یاساکە ڕێگەی بە کۆمپانیا و کۆمەڵەکان داوە کە دوای لارینەبوونی دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵی (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي)خاوەنداریتی زێتر لەمر ڕادەیە بکەن, بەمەرجێك زەوییەکە نەچێندرابێت و ئامانجیش لێی زیادکردنی ڕووبەری زەوی چێندراو بێت یا ببێتە مایەی زیادکردنی گەشەی ئابووری نیشتیمانی (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص9-10). لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری موڵکداریتی لەگەڵ بارودۆخی موڵکداریتی کوردستاندا گونجاو نەبووە, چونکە خاوەنداریتی (1000) دۆنم لە زەوی بەراودا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا بەگوێرەی یاساکە بە موڵکداریکی مامناوەند ئەژمارکراوە, ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستان بەهۆی کەمی ڕووبەری زەوی بەراو بە موڵکداریکی گەورە ئەژمارکراوە (محمد, 2010, ص218), بۆیە هەر لەکاتی ئامادەکردنی یاساکە و دوای دەرچوونیشی هەریەك لە حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری کەمکردنەوەی ڕادەی ئەوپەڕی موڵکداریتییان کردووە (خەبات/ النضال, ع (326), 30/9/ 1960؛ زکی خیری, 20/9/ 1975).

بەگوێرەی ماددەی (6) ی یاساکە لە ماوەی پێنج ساڵدا حکومەت لە ڕێگەی دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵییەوە دەستدەگرێ بەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵییەکانەی کە ڕووبەریان لە ڕادەی یاساکە زێترە, پێویستە لەسەر خاوەن زەوییەکە تا کۆتایی وەرزی کشتوکاڵی بەردەوام بێت لەسەر چاندن و بایەخدان بە بەروبوومی زەوییەکەی تا ئەو کاتەی دەستی بەسەردا دەگیرێت(الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص10-11). هەروەها یاساکە مافی قەرەبووکردنەوەی بە خاوەن زەوی دەستبەسەرداگیراو داوە, قەرەبووکردنەوەکەش بەگوێرەی جۆری زەوییەکە دەبێت, حکومەت لە ڕێگەی پێدانی قەواڵە (سندات) ەوە لە ماوەی (20) ساڵدا بەگوێرەی ئەندازەی بڕی قەرەبووەکە قەرەبووی خاوەنەکەی دەداتەوە (بڕوانە: ماددەکانی (6, 7, 8) لە: الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص12-13), هەموو خاوەن زەوییەکی دەستبەسەرداگیراو بۆی هەبوو لە ماوەی (30) ڕۆژ لەڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکەیەوە گازاندەی خۆی لە دادگای پێداچوونەوەی چاکسازی کشتوکاڵی (محكمة استئناف الاصلاح الزراعي) کە بە فەرمانی وەزیری داد لە هەموو لیواکاندا پێکهاتبوو, تۆمار بکات (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص17).

بێگومان یاسای چاکسازی کشتوکاڵی هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بواری ئابووری عێراقدا, بەڵام ئەم یاسایە تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە یاساکانی چاکسازی لە ولاتانی دیکە بەستبوو بەتایبەتی وڵاتی میسر (بڕوانە: کرم, 1972, ص47 وما بعدها؛ رحمة, 2000, ص27-44), بۆیە هەندێك تایبەتمەندێتی ناوخۆیی بەهەند وەرنەگرتبوو بەتایبەتی لە بواری جێبەجێکردندا, لە ئەنجامی ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە (الزبيدي, بغداد, 1979, ص305-306), لەوانەش کێشەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان کە نەتواندرا پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان لەو ماوەیەی بۆی دیاریکرابوو جێبەجێ بکرێت, تەنانەت دوای تێپەڕبوونی (12) ساڵ واتە تا ساڵی 1970 تەنیا نزیکەی (41%) ی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییانە بەئەنجام گەیەندرا کە بەپێی یاساکە دەبوو دەستیان بەسەردا بگیرێت, لەلایەکی دیکە دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران دواکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی, بە ئەندازەیەك تا ساڵی 1970 تەنیا (70%) ی زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان بەسەر جووتیاراندا دابەشکران (حبيب, 1976, ص121, 125). جگە لەمانە دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران ڕێژەیەکی زۆر موڵکداریتی بچووکی لێکەوتەوە, بەمەش زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پارچەی بچووکی بنەماڵەیی دابەشبوون, ئەمە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی تەکنەلۆجی و شێوەی بەرهەمهێنانی ئەو ناوچانە بکرێت (الداهري, 1970, ص252-253), بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران بەهۆی پاڵپشتی نەکردنی مادی و تەکنەلۆجی حکومەت و سنوورداری توانا مادییەکانیان نەیانتوانی سوود لە زەوییەکان وەربگرن (مینتیشاشڤیلی, 2008, ل221؛ الثقافة الجديدة, ع (4), تموز 1969, ص21).

### 3. موڵکداریتی زەوی لە هەولێر و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان:

لە کاتی دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵییدا لە ساڵی 1958 ڕووبەری لیوای هەولێر (15683) کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە کە دەکاتە (6273200) دۆنم, لەم ڕووبەرەدا (2397105) دۆنم موڵکدارێتی و یەکەی کشتوکاڵی بووە کە دەکاتە (38,2%) ی ڕووبەری لیواکە. ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی لیوای هەولێر بەسەر (17626) موڵك و یەکەی کشتوکاڵی دابەشکرابوون, واتە تێکڕای (136) دۆنم بۆ هەر موڵکێك, گەورەترین تێکڕای ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵیش لە ناحییەی (عەنکاوە) ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر بووە کە گەیشتووەتە (828) دۆنم, بچووکترین تێکڕای موڵکدارێتی کشتوکاڵیش لە ناوەندی قەزای شەقڵاوە بووە, کە گەیشتووەتە (2,6) دۆنم زەوی (الجمهورية العراقية, 1961, ص61).

بە بەراورد لەگەڵ هەندێك لە لیواکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق باری موڵکدارێتی لە هەولێردا باشتر بووە و موڵکدارێتی بچووکی تێدا بڵاوبووە, بۆ نموونە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵی لیوای هەولێر لە هەریەك لە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵی لیواکانی (کوت و بەغدا و عەممارە و دیالە) کەمتر بووە, تەنانەت تێکڕای قەبارەی ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵی لیوای کوت (713,7) دۆنم بۆ هەر موڵکێك بووە, ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لە هەولێر تێکڕای (136) دۆنم بۆ هەر موڵکێك بووە, واتە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵی لە کوت زێتر لە پێنج هێندەی تێکڕای قەبارەی ڕووبەری موڵکدارێتی کشتوکاڵی هەولێر بووە (الجمهورية العراقية, 1961, ص8).

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 زۆربەی لایەن و چین و توێژەکانی هەولێر بەتایبەتیش جووتیاران لایەنگری خۆیان بۆ شۆڕشەکە و یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ڕاگەیاند (هەتاو, ژ (136), 20ی تەمموز 1958, ل1؛ خۆشناو, 2012, ل106-126), تەنانەت هەردوو کەسایەتی لیوای هەولێر پارێزەر مەسعود محەمەد (1919-2002) و پارێزەر جەوهەر عەزیز دزەیی (1946-2005) لە ئەندامانی لێژنەی دانانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بوون, کە لە (14) ئەندام پێکهاتبوون (الجواهري, 1982, ص311؛ محەمەد, 2016, ل513), بەڵام ئەوەی جێگای تێرامانە هیچ یەك لە ئەندامانی لێژنەکە جوتیار نەبوون بە دوو ئەندامەکەی هەولێریشەوە، بەڵکو لە موڵکدارە گەورەکان بوون یاخود نزیکبوون لێیانەوە (بڕوانە: العاني, 2005, ص345). دەتوانرێت بگوترێت ئەمەش جۆرێك بووە لە نادادپەروەری و بە هەندوەرنەگرتنی بۆچوونی جووتیار لە بابەتێك کە بەر لە هەموو کەسێك پەیوەندی بە ئەمەوە هەیە و هەر تەنیا ئەمیش بە تەواوی لە ئێش و ژان و گرفتەکانی خۆی دەگات.

هەر لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموز و دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە هەندێك ناوچەی لیوای هەولێر پێکداهەڵپژان و توندوتیژی لەنێوان جووتیاران و ئاغاکاندا سەریهەڵدا, لەم بارەیەوە هاوچەرخێکی ئەو سەردەمە بە وردی وەسفی بارودۆخەکەی کردووە کاتێ دەڵێت: "لە بچووکترین لادێ, شارۆچکە و شاردا ئەو گێرەشێوێنی و ئاژاوەیە دەبینرا, بەتایبەت ژیان لە لادێیەکان و پەیوەندی نێوان جووتیار و خاوەن موڵك و دەرەبەگەکاندا, گرتە و بردە و تێکهەڵدانێکی ئەوتۆی تێکەوتبوو, لە هەموو سنووری مرۆڤایەتی, یاسایی و کۆمەڵایەتی تێپەڕاندبوو, جووتیارەکان کەوتبوونە جموجۆڵ و ڕابوون, دەیانویست تۆڵەی چەوسانەوەی ئازار و ئەشکەنجەی سەدان ساڵیان لە ماوەیەکی کورتدا بکەنەوە" (ڕەسول, 1997, ل136). جگە لە ملنەدانی بەشێك لە ئاغا و موڵکدارەکان بۆ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی نوێ ئەو هاندان و جۆش و خرۆشپێخستنی خەڵك لەلایەن حزبی شیوعییەوە لەدژی ئاغاکان ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی ئەو بارگرژیانەدا هەبوو (خۆشناو, 2012, ل125-126), بۆیە لە هەندێك شوێندا جووتیاران کەوتنە جموجۆڵ و خۆپیشاندان لەدژی ئاغاکان, لەم میانەیەدا لە تشرینی یەکەمی 1958 لە هەریر و باتاس جووتیاران خۆپیشاندانیان لەدژی ئاغاکان بەرپاکرد و شەڕی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە, هەر لە هەمان ماوەدا لە شەقڵاوەش خۆپیشاندان ڕێکخرا و ئۆتۆمبێلی یەکێك لە بەگەکان سووتێندرا, لە هەندێك شوێنی دیکەی دەوروبەری شەقڵاوەش بارگرژییەکان کوژرا و بریندارێشیان لێکەوتەوە (هەریری, 2009, ل90-91). هەروەها لە ئەنجامی هەڕەشە و پەلاماردانیان ژمارەیەك لە ئاغاکانی ناوچەی کۆیە ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و ڕووبکەنە ناوچەکانی ڕانیە و پشدەر (دیدار لەگەڵ هەمین میکائیل نادر, 2017/7/26).

دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کشتوکاڵی لە 3ی ئایاری 1959 لە لیوای هەولێر و دەستبەکاربوونی لێژنەکانی دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان, لەڕێگەی دوو لێژنەوە پرۆسەکە لە لیواکەدا ئەنجامدرا, سەرەتاش لە ناوەندی قەزای هەولێرەوە دەست بەسەر ژمارەیەك زەویوزاری موڵکدارەکاندا گیرا (دار الكتب والوثائق العراقية, 11/17/ 1959). لەدوای دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان قەرەبووی موڵکدارەکان کراوەتەوە, بڕی قەرەبووکردنەوەکە لەسەر بنەمای بەپێتی زەوییەکە و ڕێژەی بارانبارینی بووە, هەروەها چەندەی ڕووبەری زەوییەکە فراوانتر بوویێت, قەرەبووی نرخی هەر دۆنمێك کەمتر بووەتەوە, بۆ نموونە لەکاتی قەرەبووکردنەوەی زەوییەکانی حەمەد ئەحمەد پاشا دزەیی (1903-1975) کە یەکێك بوو لە ئاغاکانی هۆزی دزەیی لە گوندەکانی (دۆڵە بەکرە, هەمزە کۆر, گۆمەگرو, ترپەسپیان) کە دەکەونە دەشتی هەولێر ڕەچاوی ئەمانە کراوە, بەشێوەیەك قەرەبووی

نرخی دۆنمێك زەوی لەنێوان (1) دینار و (500) فلس تا (3) دینار خەملێندراوە, كە ئەو كاتە نرخی(1) دیناری عێراقی بەرامبەر (2,8) دۆلاری ئەمریكی بووە (دار الكتب والوثائق العراقية, 11/15/ 1961), لە هەندێك كاتیشدا نرخی خەملاندنەكە لەو نرخە زێتر دانراوە, كە شایانی بووە وەك ئەوەی لە كاتی خەمڵاندنی زەوییەكانی نێوبراودا ڕوویداوە, كە پێدەچێ ئەمەش بە ئەنقەست ئەنجامدرابێت و بە ڕێككەوتنێكی نێوان موڵكدار و ئەو لێژنەیەی كە زەوییەكەی خەمڵاندووە كرابێت, بۆیە لە هەندێك كاتدا نرخی ئەو خەمڵاندنانە ڕەتكراوەتەوە و دووبارە لێژنەی بۆ دروستكراوە و بەپێی لێژنە نوێیەكە نرخی هەر دۆنمێك كەمتر بووە لە نرخی پێشوو (بڕوانە: دار الكتب والوثائق العراقية, 6/5/ 1960). بەشێوەیەكی گشتی ڕووبەری زەوی دەستبەسەرداگیراوی حەمەد ئەحمەد پاشا (5867) دۆنم بووە و لە بەرامبەردا (9000) دیناری وەك قەرەبوو بۆ خەملێندراوە, (500) دیناری ئەم بڕە پارەیە نرخی ئەو خانوو و گەراج و كۆگایانە بووە كە لە زەوییەكانیدا بووە (دار الكتب والوثائق العراقية, 9/12/ 1960).

پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەكان لە لیواكەدا بە گورج و گۆڵی و خێرایی بەڕێوەچووە, بەشێوەیەك لە ماوەی (3) ساڵدا 1958-1961 ڕووبەری (175644) دۆنم زەوی لە لیوای هەولێردا دەستی بەسەرداگیراوە, ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی لیواكانی دیكەی عێراق زۆرترین ڕووبەری دەستبەسەرداگرتن بووە, بەشێوەیەك لەدوای هەر یەك لە لیواكانی موسڵ و دیالە و كوت و دیوانییە, هەولێر پێنجەمین لیوا بووە لە ڕێژەی زۆری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەكان (الجمهورية العراقية, 1962, ص6). ئەمەش لەلایەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەولێر زێتر ئامادەیی تێدا بووە بۆ قبوڵكردنی بارودۆخی نوێ لە لیواكانی دیكە, بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر (دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە:رسول, 2005, ص312-324؛تەها, 2002, ل5-60) و كاریگەرییە فیكری و سیاسییەكانی حیزبی شیوعی و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری چینایەتی بارودۆخەكەی لەباركردبوو بۆ گۆڕانكاری و چاكسازی كشتوكاڵی ((خۆشناو, 2012, ل124), لەلایەكی دیكە دەكرێ ئەمە ئاماژەیەك بێت بۆ گورج و گۆڵی لێژنەكانی دەستبەسەرداگرتن لە لیواكەدا كە كارەكانیان بە ڕێكوپێكی بە ئەنجام گەیاندووە.

بەشێوەیەكی گشتی لە لیوای هەولێردا لەنێوان ساڵانی 1958-1970 زەویوزاری (173) موڵكدار بەر یاسای چاكسازی كشتوكاڵی كەوتوون وڕووبەری (456120) دۆنم زەوی لە لیواكەدا دەستی بەسەردا گیراوە و ڕووبەری (35622) دۆنمیش تا ئەو كاتە بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی بۆ دەرنەچووە (الجمهورية العراقية, 1970, ص18). بەگوێرەی زانیارییە حكومییەكان ژمارەی موڵكدارەكانی لیوای هەولێر لە ساڵی 1958 (750) موڵكدار بووە (حكومەتی هەرێمی كوردستان, وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری, ئاماری بڵاونەكراوە), واتە ڕێژەی (77%) ی موڵكدارەكان بەر یاساكە نەكەوتوون, هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە وەك لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا, چونكە لە بنەڕەتدا لیوای هەولێر موڵكدارێتی بچووكی تێدابڵاوبووە, بۆیە یاساكە زۆربەی موڵكدارەكانی نەگرتووەتەوە, ئەگەر لە حاڵەتێكدا ڕادەی ئەوپەڕی موڵكدارێتی وەك لە ماددەی یەكەمی یاساكەدا هاتووە (1000 دۆنم لە زەوی بەراو و 2000 دۆنم لە زەوی دێمەكار), لەم ڕادەیە كەمتر بووایە, بۆ نموونە نیوەی ئەمە بووایە (500 دۆنم لە زەوی بەراو و 1000 دۆنم لە زەوی دێمەكار) یاساكە ژمارەیەكی زۆرتر لە موڵكدارەكانی دەگرتەوە و ژمارەیەكی زیاتریش لە جووتیاران لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند دەبوون.

شیاوی ئاماژەپێدانە ژمارەیەك لە موڵكدارەكانی هەولێر بەتایبەتیش موڵكدارەكانی هۆزی دزەیی بەر لەوەی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی جێبەجێ بكرێت, زانیارییان دەربارەی سنووری ئەوپەڕی موڵكدارێتی پێگەیشتووە, بۆیە زەوییە كشتوكاڵییەكانیان بەسەر كوڕەكانی خۆیاندا دابەشكردووە و بەناویان كردوون, ئەمەش بۆ ئەوەی ڕووبەری زەوییەكانیان كەم بێتەوە و نەكەوێتە بەر یاساكە (دیدار لەگەڵ پ.د. ئەرسن موسا ڕەشید, 11/10/ 2017 ؛ دیدار لەگەڵ د. ئیسماعیل شوكر, 2017/7/11؛دیدار لەگەڵ كامەران فارس ئاغا شێخ محەمەد ئەحمەد پاشا دزەیی, 3ی ئاداری 2018), بۆیە ئەمەش وایكردووە ژمارەیەكی دیكە لە موڵكدارەكان یاساكە نەیانگرێتەوە.

**4. دابەشكردنی زەوی بەسەر جووتیارانی هەولێر:**

سەبارەت بە دابەشكردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا, بەپێی ماددەی (11) ی یاساكە ئەو زەوییانەی دەستیان بەسەردا گیراوە لەگەڵ زەوییەكانی دیكەی موڵكی حكومەت بەسەر جووتیاراندا دابەش دەكرێن, بەشێوەیەك هەر یەكێكیان زەوییەكی بچووكی بەسەردا دابەش بكرێت كە لە زەوی بەراودا لە (30) دۆنم كەمتر نەبێ و لە (60) دۆنمیش زێتر نەبێ, لە زەوی دێمەكاردا لە (60) دۆنم كەمتر نەبێ و لە (120) دۆنم زێتر نەبێ, بەڵام بەبێ ئەوەی لەسەریان تاپۆ بكرێت, خاوەندارێتی مافی هەڵسوكەوتی بۆ حكومەت بێت, تەنیا بەكارهێنانی بۆ چاندن بە دەست جووتیار بێت, لە بەرامبەریشدا پێویستە ئەو جووتیارەی زەوییەكەی بەسەردا دابەش دەكرێ نرخی زەوییەكە و خەرجییەكانی چاكسازی كشتوكاڵی لە ماوەی (20) ساڵدا بەشێوەی قیستی ساڵانە لەگەڵ سووێكی ساڵانە بە ڕێژەی 3% بداتە حكومەت (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص14-15).

دەکرێ بگوترێت تاڕادەیەك پشکی جووتیار لە زەوی بەراودا گونجاو بووە, چونکە لە بنەڕەتدا زەوی بەراو لە هەولێردا سنووردار بووە, بەڵام پشکی جووتیار لە زەوی دێمەکاردا کەم بووە, دەکرا ڕێژەی پشکی موڵکدارەکان کەمتر بکرێتەوە و بخرێتە سەر موڵکی جووتیاران. هەروەها دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا لە بەرامبەر بڕێك پارە, جۆرێك لە نادادپەروەری پێوە دیارە, چونکە لە پێشتردا و بۆ ماوەی دەیان ساڵ زۆرێك لە موڵکدارەکان بەبێ ئەوەی مافی ڕەوای خۆیان بێت, ئەم زەوییانەیان بێ بەرامبەر بەکارهێناوە و کەڵکیان لێوەرگرتووە, لەو کاتەی کە لێشیان سەندراوەتەوە قەرەبوویان پێدراوە, کەچی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران بێ بەرامبەر نەبووە, بۆیە لانی کەم دەبوو هەمان مامەڵە لەگەڵ جووتیارەکاندا بکرێت, وەك چۆن پێشتر لەگەڵ موڵکدارەکاندا کراوە و بێ بەرامبەر زەوییان بەکارهێناوە.

گرنگترین قۆناغی جێبەجێکردنی یاساکە دابەشکردنی زەوی بووە بەسەر جووتیاراندا, تا سوود لە دەرامەتەکەی ببینن و ئاستی گوزەرانیان پێی بەرزببێتەوە, لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزترین قۆناغی جێبەجێکردنی یاساکە بووە (العلوان, 1961, ص221), لە ماوەی نێوان ساڵانی 1958-1961 (322) پارچە زەوی کە سەرجەمی ڕووبەرەکەیان (77466) دۆنم بوو, بەسەر جووتیارانی هەولێردا دابەشکراوە(الجمهورية العراقية, 1962, ص14). بۆ ئەم مەبەستەش لە 16ی تەمموزی 1961 بۆ یەکەم جار لە ئاهەنگێکی میللییدا لە هەولێر بە ئامادەبوونی موتەسەڕیفی هەولێر (عەلائەدین مەحمود) و ژمارەیەك جووتیاری ناوچەکە بەشێك لەم زەوییانە دابەشکران و ڕۆژی دواتریش بەشەکەی دیکە بەسەر جووتیاراندا دابەشکرا (الاصلاح الزراعي, ع (12), 1961, ص15). لە درێژەی پرۆسەی دابەشکردنی زەوییەکان لە ساڵی 1962 لە ناوچەی (قەراج) ی سەر بە قەزای مەخمور ڕووبەری (30200) دۆنم زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەشکرا کە هەر یەکێکیان ڕووبەری (100) دۆنم زەوی پێدرا, لەگەڵ تەرخانکردنی چوار دۆنمی دیکە بەمەبەستی دروستکردنی خانووی جووتیار و ڕێگاوبان و لەوەڕگەی ئاژەڵ (دار الكتب والوثائق العراقية, 1962/5/28).

بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ساڵانی 1958-1970 ڕووبەری (276165) دۆنم زەوی بەسەر جووتیارانی لیوای هەولێر دابەشکراوە و (3221) جووتیار لێی سوودمەند بووە (الجمهورية العراقية, 1971, ص101).ئەو زەوییانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرا تا ئەو کاتەی دابەش دەکران, بۆ ماوەیەك حکومەت لەژێر ناوی کارگێڕی کاتی (الادارة المؤقتة) سەرپەرشتی ئەو زەوییانەی دەکرد, لەو ماوەیەدا زەوییەکانی بە کرێ دەدایە جووتیاران, بۆیە هەر لە هەمان ماوەی پێشوودا (7227) جووتیار لە لیواکەدا گرێبەستیان لەگەڵ حکومەت کردووە و ڕووبەری (351404) دۆنم زەوییان لە کارگێڕی کاتی بەکرێ وەرگرتووە (مديرية التوجيه والنشر في وزارة الاصلاح الزراعي, 1962, ص15, 296).

**4. کاریگەری ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە:**

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی 1961 لە کوردستانی عێراق یاساکە لە ناوچەکانی کوردستان لەوانەش لە لیوای هەولێردا لە ئاستێکی لاوازدا جێبەجێکرا (الکادر, ع (9), تموز 1971, ص91), چونکە لەلایەك حکومەتی عێراق هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری ئاغا و دەرەبەگەکانی دەدا تا لەدژی شۆڕشی ئەیلول بەکاریان بهێنێت, تا توانی لە هەندێك لەوانە هێزی نانیزامی (جاش) پێکبهێنێت, لەلایەکی دیکە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولیش بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگیری ئاغا و دەرەبەگەکان سستی نواند لە جێبەجێکردنی یاساکە و چاوپۆشیکرد لەو موڵکدارانەی کە لە نێو شۆڕشدا بوون (حبيب, 2005, ص352). تەنانەت یەکێك لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش و دەستپێکردنی شەڕ ئەوەبوو کە موڵکدارەکان بەهۆی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی هەڕەشەی لە دەستدانی زەویوزارەکانیان لەسەر بوو, بۆیە دژایەتیکردنی (عەبدولکەریم قاسم) یان ڕاگەیاند (البوتاني, 2001, ص86), بە پێچەوانەی لیوای سلێمانی کە بەشێك لەسەرۆك هۆز و موڵکدارەکانی ئەوێ لە دژی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی وەستانەوە, سەرۆك هۆز و موڵکدارەکانی هەولێر بەشێوەی ئاشکرا بەرهەڵستی یاساکەیان نەکرد, بەڵام کاتێ ئەو جوڵانەوەیەی کە لە دژی سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم بەرفراوان بوو, بەتایبەتی دوای دژایەتی قاسم بۆ مافەکانی کورد و بۆردومانکردنی ناوچەکانی کوردستان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول, موڵکدار و سەرۆك هۆزەکان بوون بە دوو بەشەوە, بەشێکیان کە کەمینە بوون چوونە پاڵ شۆڕش, بەشەکەی دیکەیان کە زۆرینە بوون لەگەڵ حکومەتدا مانەوە (دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد, 7/13, 2017).

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کشتوکاڵی لە هەولێر, لێژنەکانی دابەشکردنی زەوی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا تەنیا لەو کاتانەدا کارەکانیان بەجێگەیاندووە کە ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی سووپا یا جاشەکانەوە پارێزراو بووبێت و هێزەکانی پێشمەرگەی تێدا نەبووبێت (أرشيف محافظة أربيل, 6/26/ 1966), بەڵام سەرباری ئەوەش کاریگەری و بڕیارەکانی یاساکە لە لیواکەدا بەردەوام بوو, ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی حکومەت تێیاندا نەمابوو و کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش, هەر بۆیە لەلایەن پێشمەرگەوە کارەکانیان جێبەجێ کراوە, یا لە هەندێك کاتدا هێزەکانی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی

کوردستان چوونەتە نێو چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و زەوی موڵکدارەکانیان بەسەر جووتیاران دابەشکردووە, بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی سەرکردایەتی فیرقەی (1) ی سووپای عێراقی کە لە 16ی تشرینی دووەمی 1966 دا نووسراوە, چەند بەرپرسێکی حزبی شیوعی لەو کاتەی کە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی قوشتەپە زەوییان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە, لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون, هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە هەریەك لە (محەمەدئەمین حاجی صادق) موڵکداری گوندی (گەزنە) و (سەعید حاجی عەزیز) موڵکداری گوندی (دۆستەپە) لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر لەژێر چاودێری هێزەکانی پێشمەرگە زەوییەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە, ئەمەش بۆ ئەوەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی نەیانگرێتەوە (أرشيف محافظة اربيل, 11/16/ 1966), لە نووسراوێکی دیکەدا کە لە 20ی شوباتی 1967 بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی لیوای هەولێر ئاراستەی موتەسەڕیفی لیوای هەولێری کردووە ئاماژە بەوە کراوە کە پێشمەرگە لە بەشێك لە گوندەکانی دەشتی هەولێر و ڕەواندز و کۆیەدا زەوییان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە (أرشيف محافظة أربيل, 2/20/ 1967), لەو شوێنانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش زەوی دابەشکردووە, بەگوێرەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بووە, بۆ نموونە لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و چۆمان لێژنەی دەستبەسەرداگرتن  و دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر جووتیاراندا پێکهاتووە و بەگوێرەی هەمان مادە و بڕگەکانی یاساکە کارەکانیان ڕایی کردووە (دیدار لەگەڵ محەمەد دەشتی, 2017/10/2), بەڵام زێتر دەستگیراوە بەسەر موڵکی ئەو موڵکدارانەی کە چووبوونە پاڵ حکومەت و لەدژی شۆڕش وەستابوونەوە, بۆیە زەوییەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە (محمد, 2010, ص218), سەرباری کاریگەری ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر یاسای چاکسازی کشتوکاڵی, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاغا و موڵکدارەکان نەیانتوانی جارێکی دیکە دەسەڵات و هەژموونی خۆیان وەك پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز بگەڕێننەوە و جووتیاران لە زەوی بێبەش بکەن (دیدار لەگەڵ سەید کاکە, 7/16/ 2017, هەولێر). لە هەمووشی گرنگتر یاساکە کۆتایی بە سیستەمی پشکانە (محاصصة)هێنا کە شێوازێکی نیمچەدەرەبەگایەتی بوو لە کوردستان پەیڕەو دەکرا,  (رسول,2005, ص85؛ البياتي, 1990, ص36), بەپێی سیستەمەکە جووتیارەکە وەکو کرێگرتە یا کرێکاری کشتوکاڵی کاری لە زەوی موڵکدارەکەدا دەکرد و بەشێکی کەم لە بەروبوومەکەی پێدەدرا, شێوەی دابەشکردنی داهات لەنێوان موڵکدار و جووتیار و چەندێتی بەشی جووتیارەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و بەگوێرەی جۆری بەروبوومەکە جیاواز بووە, هەشت یەك (حەوت بەشی بەروبووم بۆ جوووتیار و یەك بەشی بۆ موڵکدار) و دەیەك (نۆ بەش بۆ جووتیار و یەك بەش بۆ موڵکدار) لە دانەوێڵە, لە هەولێر و زۆرێك ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 پەیڕەوکراوە (الحفيد, 1993, ص55؛ ئیدمۆندس, 2004, ل274؛ هی, 2010, ل71).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرباری ئەوەی لە هەندێك شوێنی یاساکەدا ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکانی کوردستان بە هەولێریشەوە نەکراوە, بەڵام یاساکە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر باری موڵکداری هەولێر هەبووە, بایەخی یاساکە لەوەدابوو, بووە مایەی گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان, دەسەڵاتی موڵکدارەکانی کەمکردەوە و سنووری بۆ موڵکدارێتی ئەوان دانا, بۆ یەکەمین جار جووتیارانی کردە خاوەن زەوی, بۆیە لەجیاتی کارکردن لە زەوی موڵکدارەکان زەوییەکانی خۆیان وەبەرهێنا, بەمەش سیستەمی پشکانە کە لە پێشتردا تەواوی جووتیاران پابەندبوون پێیەوە بەرەو هەڵوەشانەوە چوو.

**5. یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117) ی ساڵی 1970:**

ئەم یاسایە وەکو یاسایەکی نوێی چاکسازی کشتوکاڵی لە ساڵی 1970 دەرچوو کە لە (50) مادە پێکهاتبوو (الوقائع العراقية, ع (1884),5/30/ 1970), یاساکە سنووری موڵکدارێتی لەچاو یاساکەی دیکەی چاکسازی کشتوکاڵی کەمتر کردەوە, بەمەش ڕووبەرێکی زێتر لە زەوی دەستی بەسەرداگیراو ژمارەیەکی زێتریش لە جووتیاران لە دابەشکردنی زەوی بەبێ بەرامبەر سوودمەندبوون, ئەمە لە کاتێکدا دابەشکردنی زەوی لە یاسای یەکەمی چاکسازی کشتوکاڵیدا بەرامبەر بڕێك پارە بوو, بۆیە لە یاسای دووەمدا زێتر بەرژەوەندی جووتیاران لەبەرچاو گیراوە, بۆیە مەبەست لە دەرکردنی ئەم یاسایە بۆ ڕێکخستنی چالاکی کشتوکاڵی بوو لەسەر شێوەی هاوبەشەکی (اشتراكي) بەو پێیەی سۆسیالیزم لەو کاتەدا ئامانجی سەرەکی حزبی بەعس و دەسەڵات بوو (ابراهيم, 2004, ص64).

بەهۆی پێویستبوونی دەرکردنی یاسایەکی نوێی چاکسازی کشتوکاڵی تا کەموکوڕییەکانی یاساکەی پێشووتر پڕ بکاتەوە و زێتر لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت, یەکێك لە داواکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکردنی ئەم یاسایە بوو (الحزب الديمقراطي الكوردستاني, 1979, **ص20). هەروەها حزبی شیوعی عێراقیش دەرکردنی یاساکەی بە بەراود لەگەڵ یاسای پێشوو بە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ئەژمارکرد (سباهي, 2009, ص483).**

**6. کاریگەری یاساکە لەسەر بارودۆخی موڵکدارێتی زەوی لە هەولێر:**

**یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری موڵکدارێتی پارێزگای هەولێر و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان هەبوو، کاریگەرییەکەش هەردوو لایەنی ئەرێنی** و نەرێنی لەخۆگرتبوو وەك دواتر لەمیانەی ڕوونکردنەوەی مادە و بڕگەکانی یاساکەدا دەردەکەوێت. بۆ دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری موڵکدارێتی بەپێتی زەوی و جۆری کشتوکاڵ و شێوەی ئاودێری کراوەتە پێوەر، بەڵام مادەی (2) ی یاساکە هێڵی بارانبارینی کردووەتە بنچینەیەك بۆ ئەمە، ئەو هێڵەش تێکڕای بارانبارینی ساڵانەی (400) ملم بووە. بەشێوەیەك لە بڕگەی (أ) ی مادەی (2) دا لە زەوی دێمییدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری (2000) دۆنمی داوە بە کەسێك لەو زەوییە بێ پیتانەی کە کەوتوونەتە باشووری هێڵی بارانبارین، هەروەها خاوەندارێتی (1600) دۆنمی داوە لە زەوییە بەپیتەکانی هەمان ناوچە، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری (1300) دۆنمی داوە لە زەوییە بێ پیتەکان و (1000) دۆنم لە زەوییە بەپیتەکانی کە کەوتوونەتە ناوچەی باکووری هێڵی بارانبارین (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970), پارێزگاکانی باشووری کوردستان بە هەولێریشەوە لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا بوون، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە زەویوزاری پارێزگای هەولێر بە زەویوزاری بەپیت هەژمارکراوە، کە ئەمەش بنەمایەکی دروستی نەبووە، چونکە دیارە زەویوزارەکانی پارێزگاکە لەڕووی بەپیتییەوە هەموویان وەکو یەك نەبوون و مەرجیش نەبووە ڕادەی بارانبارینی ساڵانەیان بگاتە (400) ملم وەك ئەوەی لە پێناسەی هێڵی بارانبارینددا هاتووە، لە ئەنجامیشدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری زەوی لە پارێزگاکەدا (600) دۆنم لە مافی خاوەندارێتی ڕووبەری زەوی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا کەمتر بووە (محمد و قادر, 2007, ص146-148). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەم کردنەوەیە لە بەرژەوەندی جووتیارانی هەولێردا بووە، چونکە سنووری موڵکدارێتی خاوەن موڵکەکانی کەمترکردووەتەوە و لە بەرامبەریشدا ڕێژەی زەوی زیاتر دەستی بەسەرداگیراوە و بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە.

دەربارەی دیاریکردنی موڵکدارێتی لە زەوی بەراودا، لە بڕگەی (ب) ی هەمان مادەی پێشوودا سنووری موڵکدارێتی پارێزگاکانی باشووری کوردستان دیاریکراوە، بەشێوەیەك مافی خاوەندارێتی کەسێك (600) دۆنم بووە لە زەوییە بێ پیتەکانی کە بە دەست ئاو دەدرێن، واتە ئاودانی زەوییەکان لە ڕێگەی بیر و ناعورەکانەوە کە بەدەست ئاوەکەی لێ دەردەهێنن و ئاوی دەدەن، بەڵام لە زەوییە بەپیتەکان کە هەولێر لەم چوارچێوەیە دایە (400) دۆنم بووە، هەروەها مافی خاوەندارێتی (400) دۆنم بووە لەو زەوییە بێ پیتانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن، واتە ئەو زەوییانەی کە لە ڕێگەی جۆگەلە و ڕووبارەکانەوە ئاودەدرێن، بەڵام لە زەوییە بەپیتەکان (300) دۆنم بووە، هەروەها هەر لە هەمان بڕگەی پێشوودا بە چەند خاڵێك لەژێر ناوی (پارێزگاکانی باکوور) سنووری موڵکدارێتی لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان لەسەر بنەمای جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی دیاریکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- (120) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی لۆکە و سەوزە.

2- (80) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی لۆکە و سەوزە.

3- (80) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی برنج.

4- (60) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی برنج.

5- (50) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی تووتن.

6- (40) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی تووتن (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970).

لەبەرئەوەی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو لە کوردستاندا کەم بووە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد داوای کەمکردنەوەی قەبارەی ئەوپەڕی موڵکدارێتی لە یاساکەدا کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا لەکاتی ڕاوێژکردنی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد دەربارەی مادە و بڕگەکانی یاساکە، حکومەت پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەوپەڕی موڵکدارێتی لەو زەوییە بەراوانەی کە تووتنیان لێ دەچێندرێت (60) دۆنم بێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری کردووە کە (30) دۆنم بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان زەوی کشتوکاڵی موڵکدار و جووتیاردا دروست ببێت، (الحزب الديمقراطي الكوردستاني, 1979, ص27), مەبەست لەوەیە ئەو زەوییەی بەسەر جووتیارێکدا دابەشکراوە و تایبەت بووە بە چاندنی تووتن نزیکەی (10) دۆنم بووە، ئەمە لە کاتێکدا موڵکدار بۆی هەبوو خاوەندارێتی (60) دۆنم بکات.

لە بڕگەی (ج) ی هەمان مادەی پێشوودا ئەو ڕووبەرەی کە بە بێستانی دار خورما و دارودرەخت چێندراوە، لە ڕادەی ئەوپەڕی موڵکدارێتی هەڵاوێر کراوە، بەڵام بە مەرجێك تەمەنی دارەکان لە (5) ساڵ و ژمارەیان لە هەر دۆنمێك لە (40) دار کەمتر نەبێ و ژمارەی دارەبەردارەکانی نێویشی لە هەر دۆنمێکدا لە (20) دار کەمتر نەبێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بڕگەیەدا تایبەتمەندێتی ناوچەکانی کوردستان بە هەولێریشەوە لەبەرچاو نەگیراوە، چونکە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە دارگوێز هەبووە، ئەوەی

زانراویشە لەبەر چەندین هۆکاری فەسلەجی و ژینگەیی و جوگرافی ناتوانرێت (40) دارگوێز لە یەك دۆنمدا بچێندرێت, بەڵکو دەکرێت (25) دارگوێز لە دۆنمێکدا بچێندرێت, ئەوپەڕی چاندنیی لە زەوییەکی تەختدا دەگاتە (39) دار, وەك دارخورما درێژییەکەی ستوونی نییە و لق و پۆپی زۆرە, بۆیە ڕووبەری زیاتری دەوێت (محمد و قادر, 2007, ص162). لایەنێکی دیکەی نەرێنی یاساکە ئەوەبوو ڕێگەی بە دانیشتوانی شار دەدا ئەوانەی پیشەیان جووتیاری نەبووە کە پارێزگاری لە موڵکدارێتی زەوی کشتوکاڵی بکەن, بەتایبەتیش موڵکدارەکان کە خۆیان لە شارەکاندا نیشتەجێ دەبوون و لە ڕێگەی سەرکارەکانیانەوە کاروباری زەویوزارەکانیان بەڕێوەدەبرد (نوری, 1996, ص105).

لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە موڵکدارێتییەوە کە لە مادە و بڕگەکانی نێو یاساکەدا ڕوونکراوەتەوە بریتییە لە بەکارهێنانی زەوی میری و بابەتی یەکلاکردنەوەی زەویوزارەکان, دەربارەی ڕێگەپێدان بۆ بەکارهێنانی زەوی میری, بەگوێرەی بڕگەی (1) ی مادەی (11) ی یاساکە هەر کەسێك ئەگەر پێی وابوو مافی هەڵسوکەوتکردنی لە زەوییەکی میرییدا هەیە, هەڵسوکەوتکردنەکەی بەگوێرەی مامەڵەی ناوخۆی کشتوکاڵی سەلمێندرا, کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەر لە جێبەجێکردنی یاساکەدا زەوییەکەی بەکارهێناوە, ئەوە ئەو ڕووبەرەی بەپێی ڕادەی سنووری دیاریکراوی موڵکدارێتی لەسەر تاپۆ دەکرێ, بەڵام بەپێی بەندی (ب) ی بڕگەی (2) ی یاساکە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە پێشتر سوودمەندبوونە لە دابەشکردنی زەوی (الوقائع العراقیة, ع (1884), 30/5/ 1970), ئەمەش زێتر لە دژی بەرژەوەندی جووتیاران بووە و لە بەرژەوەندی موڵکدارەکاندا بووە, چونکە جووتیاران پێشتر زەوییان بەسەردا دابەشکراوە, بەمەش ئەوان ناگرێتەوە, ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاساکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەبێ بوونی هیچ قەواڵە (سند) ێك ئەم زەوییانەیان بەکارهێناوە, بەتایبەتیش موڵکدارەکان.

سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی زەوییەکان, مادەی (12) ی یاساکە جەختی لە بەردەوامی یەکلاکردنەوەی زەوییەکان کردووەتەوە, کە پارێزگای هەولێریش بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئەو کاتە بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی یەکلانەکرابووەوە, تەنانەت تا ساڵی 1971 ڕێژەی (41,4%) ی زەویوزاری پارێزگای هەولێر یەکلانەکراوەتەوە و مافی خاوەندارێتی نەسەلمێندراوە (بڕوانە: الجمهوریة العراقیة, 1973, ص28) بەڵام لە بڕگەی (3) ی مادەی (13) ی یاساکەدا بۆ یەکلاکردنەوە و بەناوکردنی هەر پارچە زەوییەك مەرجی ئەوە دانراوە کە پێویستە بۆ ماوەی (10) ساڵ دارودرەختی تێدا چێندرابێ, ژمارەی دارەکانی نێویشی لە (40) دار لە هەر دۆنمێکدا کەمتر نەبێ (الوقائع العراقیة, ع (1884), 30/5/ 1970), بێگومان ئەم مەرجانەش لەگەڵ واقیعی کوردستان و لە نێویشیدا هەولێر گونجاو نەبووە, چونکە لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول و دواتریش وێرانبوون و سووتانی گوندەکان و موڵك و ماڵی جووتیاران ئەستەم بوو ئەم مەرجانە جێبەجێ بکرێن (محمد و قادر, 2007, ص156), جگە لەمانەش دیاریکردنی (40) دار بۆ هەر دۆنمێك بۆ دارگوێز نەگونجاو بووە وەك لە پێشتردا ڕوونمان کردەوە, بۆیە دواتر بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە 19 ی تەمموزی 1972 ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول کرانە بیانوویێکی یاسایی بۆ پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی ئەم مادەیە (قادر و جامباز, 2013, ص72).

**7. دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان و دابەشکردنی بەسەر جووتیاران:**

بەپێی مادەی (6) ی یاساکە ئەگەر ڕووبەری هەموو ئەو زەوییانەی کە لە سنووری موڵکدارێتی دیاریکراوی نێو یاساکەدا زێتر بوون, دەستیان بەسەردا دەگیرێت, بەگوێرەی بڕگەی (1) ی مادەی (8) ی یاساکەش تەنیا قەرەبووی نرخی دار و درەخت و ماتۆڕی ئاو و ئامێرە کشتوکاڵییەکانی نێو زەوییەکە دەدرێتەوە خاوەن زەوی دەستبەسەرداگیراو نەك قەرەبووی نرخی زەوییەکە (الوقائع العراقیة, ع (1884), 30/5/ 1970). بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنیش بەڕێوەبەرایەتییەك لەژێر ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن (مدیریة الاراضي والاستیلاء العامة) دامەزرا کە سەرپەرشتی لێژنەکانی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتنی پارێزگاکانی دەکرد, کە یەکێك لەو لێژنانەش لە پارێزگای هەولێر دانرا و کاروباری دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکانی جێبەجێکرد (الداهري, 1970, ص285), بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی (5) ساڵدا (1970 - 1975) ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە لە پارێزگای هەولێردا دەستیان بەسەرداگیراوە بریتی بووە لە (429952) دۆنم (الجمهوریةالعراقیة, 1976, ص93), ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە یاسای چاکسازی یەکەمدا لە ماوەی (12) ساڵدا ڕووبەری (4561120) دۆنم زەوی دەستی بەسەرداگیراوە, واتە پرۆسەی دەستبەسەرداگرتن لە یاسای چاکسازی دووەمدا کاراتر بووە. لەلایەکی دیکە لە کۆی (750) موڵکدار (290) موڵکدار ملکەچی ئەم یاسایە بوونە (حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری, ئاماری بڵاونەکراوە), ئەمە لە کاتێکدا لە یاسای یەکەمی چاکسازیدا تەنیا (73) موڵکدار ملکەچی یاساکە بوون, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاسای دووەمی چاکسازی ڕووبەری موڵکدارێتی کەمتر کردەوە, بۆیە ژمارەیەکی زۆرتر لە موڵکدارەکانی گرتەوە.

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117) ی ساڵی 1970 دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و بەناوکردنیان بوو بەبێ بەرامبەر, جگە لە دابەشکردنی تاکەکەسی دابەشکردنی بەکۆمەڵیش لە یاساکەدا هەبوو, زۆربەی زەوییەکانی کوردستانیش بەشێوەی بە کۆمەڵ بەسەر جووتیاران دابەشکران (پارتی دیموکراتی کوردستان, 1996, ل36), بەپێی ماددەی (6) یاساکە هەر جووتیارێکی کوردستان بە هەولێریشەوە لە زەوی دێمییدا (100) دۆنم زەوی بەسەردا دابەشکراوە, زەوی بەراویش لە چوارچێوەی ئەم سنوورەی خوارەوەدا بەسەر جووتیارانی کوردستان بە هەولێریشەوە دابەشکراوە:

1- (30) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن.

2- (12) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و لۆکە و سەوزەی تێدا دەچێندرێت.

3- (8) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و (6) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و برنجیان تێدا دەچێندرێت.

4- (5) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و (4) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تووتنیان تێدا دەچێندرێت. جگە لە جووتیارانی ناو عێراق بەپێی برگەی (أ) ی ماددەی (18) ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی (المجلس الزراعي الاعلى) بۆی هەیە زەوی بەسەر هاوڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی دانیشتووی عێراقدا دابەش بکات, لەلایەکی دیکە بەپێی برگەی (د) ی هەمان ماددە ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی بۆی هەیە لەکاتی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا ڕەچاوی بارودۆخی نێوخۆی وڵات بکات و لە هەر شوێنێك بە باشی بزانێت زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەش بکات, ئەمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی نیشتەجێبوونی جووتیاران (الوقائع العراقية, ع (1884), 5/30 /1970), بەگوێرەی ماددەی (23) ی یاساکە هەموو ئەو زەوییانەی بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکرێن دوای (5) ساڵ لە وەرگرتنیان لەسەریان تاپۆ دەکرێت, بەڵام بۆ هێنانەدی ئەمە لە ماددەی (24) دا چەند مەرجێك دانراوە, وەك ئەوەی پێویستە زەوییەکە دابچێنێ و ئاستی بەرهەمهێنانی کەم نەکاتەوە و جووتیار لە شوێنی دابەشکردنی زەوییەکەی نیشتەجێ بێت, وە نابێ موڵکدارێتی ئەو زەوییەی بەسەریدا دابەشکراوە بیگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە (الوقائع العراقية, ع (1884), 5/30 /1970). بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970-1975) بە هەردوو جۆری زەوی دێمی و بەراو ڕووبەری (241648) دۆنم بەسەر جووتیارانی هەولێردا دابەشکراوە, (5298) جووتیاریش لێی سوودمەندبوونە (الجمهورية العراقية, 1976, ص95), ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لە یاسای چاکسازی یەکەمدا لە ماوەی (12) ساڵدا (276165) دۆنم زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە و (3321) جووتیار لێی سوودمەندبوون. هەرچەندە نەتوندراوە برگە و ماددەکانی ئێو یاساکە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت,

چونکە لەلایەك حکومەت لەلایەکی دیکە بەشێك لە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەندەی بە تەنگ وەدەستهێنانی لایەنگری و پشتگیری سیاسی دەرەبەگەکان بوون, ئەوەندە لە خەمی چاکسازی کشتوکاڵی و مافی جووتیاران نەبوون (الحزب الديمقراطي الكوردستاني, 1979, ص20), بەڵام وێڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانە یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی لەڕووی چەندێتی دابەشکردنی زەوی و ژمارەی سوودمەندبوونی جووتیاران لە یاسای یەکەمی چاکسازی کشتوکاڵیدا بۆ هەولێر باشتر بووە.

**8. ئەنجام:**

1- یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958لە عێراقدا, کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری موڵکدارێتی و کشتوکاڵی لیوا (پارێزگا) ی هەولێر هەبوو, بووە مایەی لاوازبوونی دەسەڵات و هەژموونی موڵکدارە گەورەکان و ئاغاکان, کە بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر جووتیارانیان چەوساندبووەوە و دەستیان بەسەر ژمارەیەکی بەفراوانی زەوی کشتوکاڵی داگرتبوو, ئەمە بەبێ ئەوەی مافی ڕەوای خۆیان بێت.

2- یاساکە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ئەنجامدا, پێشتر بەگوێرەی سیستەمی پشکانە جووتیاران بەشێکی کەم لە داهاتی کشتوکاڵیان دەست دەکەوت و بەشی زۆری داهاتەکە بۆ دەرەبەگ و موڵکدارەکان بوو, بەڵام دوای جێبەجێکردنی یاساکە جووتیاران خۆیان بوونە خاوەنی زەوی و زەوییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەبەرهێنا.

3- لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970 ڕادەی ئەوپەڕی موڵکدارێتی بە بەراورد لەگەڵ یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 کەمترکرایەوە, بۆیە ژمارەیەکی زیاتر لە زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر دەستی بەسەرداگیرا و ژمارەیەکی زۆرتریش لە جووتیاران لە وەرگرتنی زەوی سوودمەندبوون.

4- ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ئابووری-کۆمەڵایەتییەوە سەیری هەردوو یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 و 1970 بکەین ژمارەیەکی بەرچاو لە جووتیار و خێزانە هەژارەکان سوودمەندبوون و باری گوزەرانیان باشتر بووە, بێگومان ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە لە هەولێر, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هاوکارینەکردنی پێویستی جووتیاران لەلایەن

حکومەتەوە بەشێکیان بەهۆی هەژاری و کەمدەرامەتییەوە نەیانتوانی زەوییەکانیان وەبەربهێنن, ئەمەش لە کۆتاییدا کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لێکەوتەوە.

## 9. لیستی سەرچاوەکان:


یەکەم. بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

- دار الكتب والوثائق العراقية, (11/17/ 1959), وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية الاستيلاء والتقدير العامة, رقم الملف:4207001/39, الموضوع: احمد باشا حسين اغا, العدد:35078.
- دار الكتب والوثائق العراقية, (6/5/ 1960), الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, السكرتارية العامة, العنوان: تقدير اراضي حمد احمد باشا, العدد:1029.
- دار الكتب والوثائق العراقية, (9/12/ 1960), وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية الاستيلاء والتقدير العامة, رئاسة لجنة التقدير في اربيل, العنوان: تقدير اراضي حمد احمد باشا, العدد:1029.
- دار الكتب والوثائق العراقية, (1962/5/28), وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية التوزيع العامة, الامور الفنية, الموضوع: مذكرة بشأن توزيع اراضي منطقة قراج ضمن قضاء مخمور-لواء اربيل- على الفلاحين, العدد: 352, رقم الملف: 401/ 520700.
- أرشيف محافظة أربيل, (6/26/ 1966), وزارة الاصلاح الزراعى, مديرية الاصلاح الزراعي في اربيل, القلم السري, الموضوع: مباشرة لجان البحث بناحيتي قوشتبة و كوير ضمن لواء اربيل, العدد/ 45.
- أرشيف محافظة أربيل, (11/16/ 1966), قيادة الفرقة الاولى, الاركان العامة, سري للغاية, الموضوع: تأييد معلومات, الرقم: 2769.
- أرشيف محافظة أربيل, (2/20/ 1967), الامن العامة, مديرية امن لواء اربيل, القلم السري, رقم الاضبارة: 87, الموضوع: الوضع فى منطقة لواء اربيل, العدد (151).

دووەم. چاپکراوە حکومی و حزبییەکان:

- الجمهورية العراقية, (1961), وزارة التخطيط, دائرة الاحصاء المركزي, نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة 1958-1959, مطبعة الحكومة, بغداد.
- الجمهورية العراقية, (1962), لجنة الاحتفالات بالذكرى الثالثة لقانون الاصلاح الزراعي, مطبعة المساحة, بغداد.
- مديرية التوجيه والنشر فى وزارة الاصلاح الزراعي, (1962), الاصلاح الزراعي فى اعوامه الثلاثة, شركة التجارة والطباعة, بغداد.
- الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, (1965), قوانين الاصلاح الزراعي/ قانون الاصلاح الزراعي رقم 30 لسنة 1958 وتعديلاته والانظمة والتعلميات والبيانات الصادرة بموجبه والقوانين ذات العلاقة به, مطبعة العاني, بغداد.
- الجمهورية العراقية, (1970), وزارة الزراعة, مديرية الديوان العامة, دليل القطاع الزراعي فى العراق لعامي 1968-1969, مطبعة وزارة الزراعة, بغداد.
-الجمهوريةالعراقية, (1971), وزارةالتخطيط, الجهازالمركزي للاحصاء,المجموعة الاحصائيةالسنوية 1970, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد.
- الجمهورية العراقية, وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, نتائج التعداد الزراعي العام لسنة 1971, ج1, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد, 1973.
-الجمهوريةالعراقية, (1976), وزارةالتخطيط, الجهازالمركزي للاحصاء, المجموعة الاحصائيةالسنوية 1975, مطبعةالجهاز المركزي للاحصاء, بغداد.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری, هۆبەی زەویوزار, ناوی ئەو موڵکدارانەی ملکەچن بۆ یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لەنێوانساڵانی 1958-1975, ئاماری بڵاونەکراوە.
- الحزب الديمقراطي الكوردستاني, طريق الحركة التحررية الكردية, التقرير السياسي المصادق عليه من قبل كونفراس الحزب المنعقد فى اب 1976 وقد اقره المؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكردستاني المنعقد فى تشرين الثاني 1979, د.م, د.س.
- پارتی دیموکراتی کوردستان, (1996), مەکتەبی سیاسی, مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە, کێشەی زەوی و واقیعی کشتوکاڵ لە کوردستانی عێراق دا, ب, ش.

سێیەم. یاداشت و بیرەوەرییەکان:

- رەسول, فاتح, (1997), لە کاروانێکی دوورودرێژدا "کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ", ستۆکهۆڵم.
- محەمەد, مەسعود, (2016), گەشتی ژیانم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
- هەریری, نەجمەدین مامۆ, (2009), بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری, پێداچوونەوەی: سلێمان شێخ محەمەد, ب1, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.

چوارەم. دیدارەکان:

- دیدار لەگەڵ ئازاد جەوهەر عەزیز دزەیی, 3/4/ 2018, هەولێر. ئێوبراولەساڵی 1948 لەکۆیەلەدایکبووە, لەساڵی 1970 کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواوکردووە, لەساڵی 1974 پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردووە, لەسەرەتای هەشتاکانەوە تائێستا خەریکی کاری بازرگانییە و لە هەولێر دادەنیشێت.
- دیدار لەگەڵ پ.د. ئەرسن موسا ڕەشید, 11/10/ 2017, هەولێر. ئێوبراولەساڵی 1955 لەشاری هەولێر لەدایکبووە, بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی ئیسلامی لەزانکۆی ئەدنبەرە بەدەستهێناوە, یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان بووە, ماوەی چەندین ساڵ سەرۆکی بەشی مێژوو بووە لە کۆلێژی ئەدەبیات - زانکۆی سەڵاحەدین, ئێستا مامۆستایە لە هەمان کۆلێژ و لە هەولێر نیشتەجێیە.
- دیدار لەگەڵ د. ئیسماعیل شوکر, 2017/7/11, هەولێر. دیدار لەگەڵ د. ئیسماعیل شوکر, 2017/7/11, هەولێر. ئێوبراو لە ساڵی 1952 لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە هەولێر لەدایکبووە, خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە, لەساڵی 1976-1977 لەبەغدا خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە, لەساڵی 1990 بڕوانامەی ماستەر و لە ساڵی 1999 بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژوو لەبارەی هەولێر بەدەستهێناوە, ئێستا پەرلەمانتاری خانەنیشنە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

- دیدار لەگەڵ سەید کاکە, 7/16/ 2017, هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1932 لەگوندی (مورتکە) ی گەورە لە هەولێر لەدایکبووە, لەسەرەتای پەنجاکانەوە کاری جووتیاری کردووە, لە شۆڕشی ئەیلولدا یەکێك بووە لە فەرماندە سەربازییەکان و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە, ئێستا خانەنشینی سەربازییە و لە هەولێر دادەنیشێت.
- دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد, 7/13/ 2017, کۆیە. نێوبراو لە ساڵی 1922 لە خێزانێکی جووتیار لە گوندی (کەسنەزان) لە هەولێر لەدایکبووە, خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە, لەساڵی 1944 پەیوەندی بەڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقییەوە کردووە و لەساڵی 1953 بووەتە سکرتێری حزب, لە 1962-1992 ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بووە. ئێستا لە قەزای کۆیە نیشەجێیە.
- دیدار لەگەڵ محەمەد دەشتی, 2017/10/2, هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1947 لە گوندی (دارەبەن) لە هەولێر لەدایکبووە, لەساڵی 1969-1970 ئامادەیی کشتوکاڵی لە هەولێر تەواوکردووە, لەساڵی 1971 وەکو چاودێری کشتوکاڵی لە کۆمەڵە جووتیارییەکان لە بارزان دامەزراوە, لەساڵی (2003)ەوە تاوەکو ئێستا بەرپرسی لقی پارێزگای هەولێری (یەکێتی جووتیارانی کوردستان) ە, لە شاری هەولێر ژیان بەسەردەبات.
- دیدار لەگەڵ هەمین میکائیل نادر, 7/26/ 2017, هەولێر-کەسنەزان. نێوبراو لە ساڵی 1933 لە گوندی گۆمەتاڵ لە هەولێر لەدایکبووە, لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 لە گوندەکەی خۆیان لەگەڵ هاوسەرەکەی (عوسمان ئیسماعیل نادر) خەریکی کشتوکاڵکردن وئاژەڵداری بووە وشایەتحاڵی ڕووداوەکانی دوای شۆڕش بووە لە ناوچەکانی دەشتی کۆیە, ئێستا لەهەولێر/ناحیەی کەسنەزان ژیان بەسەردەبات.
- دیدار لەگەڵ کامەران فارس محەمەد ئەحمەد پاشا دزەیی, 3ی ئاداری 2018. نێوبراو لە ساڵی 1956 لە شاری هەولێر لەدایکبووە, لە ساڵی 1982 بڕوانامەی ماستەری لە ئەندازیاری شارستانی بەدەستهێناوە, ئێستا لە شاری لەندەن لە بریتانیا ژیان بەسەردەبات.
پێنجەم. نامە و تێزە زانستییەکان:
- ابراهیم, ابراهیم حربي, (2004), سیاسة الاصلاح الزراعي فی العراق فی تطویر القطاع الزراعي فی الفترة 1968- 1990, رسالة ماجستیر غیر منشورة, المعهد العالی للدراسات السیاسیة والدولیة, الجامعة المستنصریة.
- البیاتي, علي خلیل, (1990), الاوضاع الاقتصادیة في العراق 1932-1939, رسالة ماجستیر غیر منشورة, کلیة الاداب, جامعة بغداد.
- الجواهري, عماد احمد, (1982), تاریخ مشکلة الاراضي والاصلاح الزراعي في العراق 1933-1970, اطروحةدکتوراه غیر منشورة, کلیة الاداب, جامعة بغداد.
- نوري, الان ممتاز, (1996), مشکلات الملکیة الزراعیة ودورها فی اعاقة التنمیة الزراعیة في اقلیم کوردستان العراق للسنوات 1991-1995/ محافظة السلیمانیة نموذجا, رسالة ماجستیر غیر منشورة, کلیة الادارة والاقتصاد, جامعة صلاح الدین.
شەشەم. کتێبەکان:
1. بە زمانی عەرەبی:
- بادی, مێڤان عارف, (2005), الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة في کوردستان العراق 1958-1963, مطبعة وزارة التربیة, اربیل.
حبیب, کاظم, (1976), دراسات فی الاصلاح والتعاون الزراعي الانتاجي, الجامعة المستنصریة, بغداد.
حبیب, کاظم, (2005), لمحات من نضال حرکة التحرر الوطني للشعب الکردي في کردستان العراق, دار ئاراس للطباعة والنشر, اربیل.
-الحفید, صلاح الدین محمد, (1993), الوضع الاقتصادي في کردستان العراق وأهم مشاکله, ج2/ اقتصادیات محافظة اربیل, مطبعة السلیمانیة.
- الداهري, عبدالوهاب مطر, (1970), اقتصادیات الاصلاح الزراعي, مطبعة العاني, بغداد.
- رحمة, منی, (2000), السیاسات الزراعیة في البلدان العربیة, مرکز دراسات الوحدة العربیة, بیروت.
- رسول, اسماعیل شکر, (2005), أربیل/ دراسة تأریخیة في دورها الفکري والسیاسي 1939-1958, مطبعة بینایی, السلیمانیة.
- الزبیدي, لیث عبدالحسین جواد, (1979), ثورة 14 تموز 1958 في العراق, دار الحریة للطباعة, بغداد.
- سباهي, عزیز, (2009), مواقف من المسألة الزراعیة في العراق, دار الرواد المزدهرة للطباعة والنشر والتوزیع والاعلان, بغداد.
-شریف, طارق ابراهیم, (1988), شخصیات تتذکر, مطبعة الثقافة والشباب, اربیل.
- العاني, نوری عبدالحمید و الحربي, علاء جاسم محمد, (2005), تاریخ الوزارات العراقیة في العهد الجمهوري1958-1968, ج1, ط2, بیت الحکمة, بغداد.
- العاهري, راهي مزهر, (2008), مسعود محمد ودوره السیاسی في العراق 1919-1968 دراسة تاریخیة, مراجعة و تقدیم: د. کمال مظهر أحمد, مطبعة دار الحوراء, بغداد.
- العلوان, عبد الصاحب, (1961), دراسات فی الاصلاح الزراعي, مطبعة الاسواق التجاریة, بغداد.
- قادر, جبار و جامباز, طارق, (2013), قرارات مجلس قیادة الثورة المنحل الخاصة بالکورد وکوردستان, مطبعة الحاج هاشم, اربیل.
- کرم, عبدالواحد, (1972), في الاصلاح الزراعي/ دراسة مقارنة لقوانین الاصلاح الزراعي في العراق وسوریة ومصر, مطبعة الاداب, النجف.
- محمد, شیرزاد زکریا, (2010), مجلس قیادة الثورة في کوردستان-العراق 1964-1970 دراسة تاریخیة سیاسیة عامة, تقدیم ومراجعة: د. عبدالفتاح علی البوتاني, مطبعة جامعة دهوك, دهوك.
- وادي العطیة, عبدالحسین, (1965), الاصلاح الزراعي في العراق والتنمیة الاقتصادیة, مطبعة المعارف, بغداد.
2. بە زمانی کوردی:
- ئیدمۆندس, سیسیل جۆن, (2004), کورد تورك عەرەب, و: حامید گەوهەری, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر.
- بارزانی, مسعود, (2004), بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد, بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم شۆڕشی ئەیلول 1961-1975, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.
- تەها, حەسەن, (2002), ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی 1953 وەك خۆی, ساغکردنەوەی: لێژنەیەکی تایبەت, هەولێر.
- خۆشناو, شوان محەمەد ئەمین تەها, (2012), هەولێر لەنێوان ساڵانی (1958-1963) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
- غەفور, عەبدوڵڵا, (2015), فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

- مینتیشاشڤیلی, ا. م., (2008), کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی - ئابووری, ڕۆشنبیری و گوزەران, وەرگێڕانی: پ.د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ, چ2, چاپخانەی خانی, دهۆك.

- هی, دبلیۆ ئاڕ, (2010), دوو ساڵ لە کوردستان, و: لوقمان باپیر, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.

شەشەم. وتار و لێکۆڵینەوەکان:

- خیری, زکی, (20/9/ 1975), چەند مەسەلەیەك دەربارەی چارەسەکردنی کشتوکاڵ, بیری نوێ (ڕۆژنامە), ژ (158).

- محمد, عبدالملك یونس و قادر, انور عمر, (2007), ملاحظات حول قانون الاصلاح الزراعي رقم 117 لسنة 1970 (النافذ) وتأثيره على الزراعة في اقليم كوردستان العراق, تەرازوو/ القسم العربي (المجلة), ع (31).

حەوتەم/ گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

1. ڕۆژنامەکان:

- خەبات/ النضال, (30/9/ 1960), بغداد, ع (326), السنة الثانية.

- الوقائع العراقية, (30/9/ 1958), بغداد, ع (44), السنة الاولى.

- الوقائع العراقية, (30/5/ 1970), ع (1884).

- هاوکاری, (1ی نیسانی 1972), بەغدا, ژ (110).

2. گۆڤارەکان:

- الاصلاح الزراعي, (1961), بغداد, ع (12), السنة الاولى.

- الثقافة الجديدة, (تموز 1969), بغداد, ع (4).

- الكادر, (تموز 1971), ع (9).

- هەتاو, (20ی تەمموز 1958), هەولێر, ژ (136).

## تأثير قانوني الاصلاح الزراعي لعامي 1958 و 1970 في اربيل
## دراسة تاريخية

**خليل علي مراد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
Khalil.murad@su.edu.krd

**بورهان حاتم عثمان**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
Burhan.othman@su.edu.krd

**ملخص**

كانت ثورة 14 تموز 1958 نقطة تحول في تاريخ العراق المعاصر غلى الاصعدة السياسية والاقتصادية والاجتماعية, وكانت احدى التحولات الرئيسية في مجال ملكية الاراضي الزراعية من خلال اصدار قانون الاصلاح الزراعي لسنة 1958, والدي استمر تطبيقه الى حين اصدار قانون اخر, وأعني بذلك قانون الاصلاح الزراعي لعام 1970, لقد كانت غاية القانونين المذكورين وضع حد للملكية الكبيرة للاراضي الزراعية في العراق من خلال توزيعها على الفلاحين. ان هذا البحث يهدف الى تسليط الضوء على تطبيق القانونين المذكورين سابقا في لواء اربيل, ويتألف من محورين, أولهما يتتبع تطبيق القانون الاصلاح الزراعي لسنة 1958 في لواء اربيل, وقد تناولنا فيه أهم بنود هذا القانون, ومساحة الاراضي التي تمت مصادرتها من كبار الملاكين, ثم عملية توزيعها على الفلاحين. كما تم تسليط الضوء أيضا على تاثير اندلاع ثورة ايلول 1961 الكوردية على تطبيق قانون سنة 1958 في المنطقة. أما المحور الثاني فقد خصص لدراسة قانون الاصلاح الزراعي لسنة 1970 وفق نفس منهج المحور الاول, مع الاشارة الى نقاط الاختلاف مع القانون السابق, ومساحة الاراضي التي تم توزيعها وعدد المستفيدين, كما تمت الاشارة الى بعض نواقص القانون المذكور, وخاصة عدم مراعاته لخصوصية الاوضاع في كوردستان بصورة عامة, بما في ذلك لواء اربيل.

**الكلمات الدالة:** قانون, الزراعة, الاصلاح, اربيل, الاقتصاد, الارض.

## The Effects of 1958 and 1970 Agrarian Reform Acts in Hawler
## A Historical Study

**Khalil Ali Murad**    **Burhan Hatam Othman**
Department of History - College of Arts / Salahaddin University-Erbil
Khalil.murad@su.edu.krd    Burhan.othman@su.edu.krd

**Abstract**

The 14th July 1958 was a turning point in the history of contemporary Iraq on political, social and economic levels. One of the main changes was in the acquisition of agricultural lands through the enactment of "Agrarian Reform Act" in 1958, which continued until the enactment of another act, i.e. the Agrarian Reform Act of 1970. The above mentioned acts aimed to put an end to large ownership of agricultural land by Iraq by distributing it between the farmers.

This study aims to highlight the application of the two acts and their effects on the governorate (Liwa) of Hawler (Erbil). It dealt with the subject through two topics; the first one tackles the application of 1958 Agrarian Reform Act in Hawler governorate. In this topic we mentioned the main articles of 1958 act, and then we referred to the land ownership in the governorate, the area of lands confiscated from land lords and the process of distributing those lands to the peasants. The topic also highlight the effects of land distribution on production relations , in the end the topic dealt with the effects of Kurdish Revolt of September 1961 on the application of Agrarian Reform Act of 1958 in the area .

The second topic devoted to the application of Agrarian Reform Act of 1970 in Hawler governorate on the same lines of the first topic, with reference to some differences between the two acts, the area of the land that was distributed and the number of beneficiaries in Hawler governorate. The topic focused on some of the shortcomings of 1970 Act, especially that some of its articles did not take into account the specific situation in Kurdistan generally, including Hawler.

**Keywords:** law, agrarian, reform,Hawler, economy, land.